# ئۆرهان پاموک، بڕەر و وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی (2006)



**س. چ. هێرش**

**نووسەر و ژۆرنالیستی بەناوبانگی تورک «ئۆرهان پاموک» لەلایەن ئاکادێمی سوێدەوە خەڵاتی نۆبێلی ساڵی 2006ی لە ئەدەب(وێژە)دا پێ بەخشرا.**

ڕۆژی پێنجشەمە 12ی ئۆکتۆبر، سەعات 1ی نیوەڕۆ، سکرتێری دایمی ئاکادێمی سوێد «هۆراس ئێنگداڵ» ڕایگەیاند: خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی ساڵی 2006، بە خاتری «دۆزینەوەی سیمبۆلی نوێ بۆ دەربڕینی بەرەنگاربوونەوە و تێکەڵاویی کولتووره جیاوازەکان» بە نووسەری تورک «ئۆرهان پاموک» پێشکێش دەکرێ. دیارە، ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی گەلێک لە چاودێران و شارەزایانی بواری دابەشکردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی بوو، کە پێیان وابوو «عەلی ئەحمەد سەعید(ئەدۆنێس)» شاعیری ناوداری خەڵکی سووریا شیاوی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە!

ئۆرهان پاموک کە لە کاتی ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو، لە وتووێژێکی چاپەمەنی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە(12ی ئۆکتۆبر)، لە زانستگای کلۆمبیای شاری نیۆیۆرک، بەمجۆرە هاتە قسە و گوتی: «بە هۆی دەنگی تەلەفۆنەکەم لە خەو ڕاپەڕیم. من کە بەم دواییانە مۆبایلێکی نوێم کڕیبوو، لای خۆم پێموابوو دەبێ چ هەڵەیەک ڕوویدابێ بەم نیوە شەوە زەنگم بۆ لێدەدرێ؟ بەڵام کە وەڵامم دایەوە و گوێم ڕاگرت کەسێک پێی گوتم کە بە زوویی لەلایەن ئاکادێمی سوێدوە قسەت لەگەڵ دەکرێ، جا ئەوجار زانیم کە خەڵاتی نۆبێل بە نێوی منەوە دەرچووە».

ئۆرهان پاموک لە 7ی ژوئێنی ساڵی 1952 لە شاری ئەستەمبووڵی تورکیا، لە بنەماڵەیەکی مامناونجی و دەستڕۆیشتووی سێکۆلار چاوی بەژیان هەڵێناوە. دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندنی لە ژێر گوشاری باوک و مامی کە هەردووک ئەندازیاری سەنعەتی بوون لە کالێجی رابێرت، رشتەی ئارشیتێکت هەڵدەبژێرێ، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو

ڕشتەیە بە نیوەچڵی بەجێدێڵێ و لە ڕشتەی ڕۆژنامەوانیدا درێژە بە خوێندن دەدا. ئەو، لە ساڵی 1985 تا ساڵی 1988 لە وڵاتی ئەمریکا ماوەتەوە و وەک لێکۆڵەرەوەیەکی میوان لە زانستگای کۆلۆمبیای نیۆیۆرک خەریکی نووسین و توێژینەوە بووە.
ئۆرهان پاموک، بە نووسینی ڕۆمانی(جەودەت بای و ئوغڵولەر) کە لە ساڵی 1982دا چاپ و بڵاوکرایەوە، هاتە ناو دونیای ئەدەبەوە و توانی نێویکی شیاوی سەرنج لەو بوارەدا بۆ خۆی تۆمار بکا.
بە بیروبۆچوونی گەلێک لە شارەزایان، ڕۆمانەکانی ئۆرهان پاموک، ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، واتە دابونەریتی ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە بە هۆی شاری ئەستەمبووڵ دەگەڵ کولتووری ئورووپایی کە دەورانی ڕوشنگەری تێپەڕکردووە لێک گرێ دەدرێ. وە بەتایبەت ڕۆمانی (Beyaz kale|قەڵای سپی) باشترین نموونەیە بۆ نواندنی ئەو پێوەندی و تێکەڵاوییە.
ئەو ڕۆمانە مێژووییە، کە جاری یەکەم لە ساڵی 1985 و جاری دووهەم لە ساڵی 1992دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، چیرۆک و بەسەرهاتی دوو کەسان لە ساڵەکانی سەدەی 16ی شاری ئەستەمبووڵ وەک پردێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگێڕێتەوە کە تێیدا لاوێکی خوێندەوار و بەفەرهەنگی خەڵکی شاری «ڤێنیز» وەک دیل و بەردە بە کابرایەکی خەڵکی ئەستەمبوول بە نێوی «Hodja|خۆجە، خاجە»دەفرۆشرێ. ئەو دووکەسە کە مێژوو و چیرۆکی ژیانی خۆیان بۆ یەکتر باس دەکەن وەها تێکەڵاو و هۆگری یەکتری دەبن کە ئاخرسەر لایەنی ئەوەیکە کام بەردەیە و کام خاوەن بەردە، گرینگی خۆی لە دەست دەدا وبە فەرامۆشی دەسپێردرێ.
ئۆرهان پاموک، بەپێچەوانەی ڕوانگەی ژەنەراڵەکانی ئەرتەش و سیاسەتمەدارە کەماڵیستەکانی تورکیا کە هەرگیز چارەیان نەویستووە، لەلایەن خەڵکەوە بە نووسەرێکی ئەمەگدار و خۆشەویست لە قەڵەم دەدرێ و، دەکرێ بگوترێ کە لە تورکیا هیچ ماڵێک نییە کە کتێبێکی ئەو نووسەرەیان نەبێ و نەیانخوێندبێتەوە.
بۆ نموونە، یەکێک لەو هەڵوێستە جوامێرانەی کە ئەو نووسەرەی، خاوەن قەدر و خۆشەویست کردووە، ئەو کاتە بوو کە لە ساڵی 1999، خەڵات و عینوانی «هونەرمەندی دەوڵەتی» ڕەتکردەوە کە لە لایەن دەوڵەت و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا«سولەیمان دێمیرێل»، بۆی لەبەرچاوگیرابوو. هەرئەوکاتە، پاموک لە چاوپێکەوتنێکدا ڕاگەیاند کە نایەوێ عینوانێکی وەها لە دەوڵەتێکی دەستپیس وەربگرێ، دەوڵەتێک کە بە درێژایی ساڵان سەبارەت بە بۆچوونی لەمەڕ مەسەلەی کورد، لەبەر سەرنەکەوتنی لە هەنگاوهەڵێنانەوە بەرەو دیمۆکراسی واقیعی، لەبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و قەدەغەکردنی کتێب ڕەخنەی لێ گرتووە.
ئەوەیکە ئۆرهان پاموک، تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لەم ناوبانگ و عینوانە لە پێناو بەرژەوەندی ڕێژیمی کەماڵیستیی تورک و کۆمەڵگەی تورکیا کەڵک وەرگرێ و، تای تەرازووی ئەم دوو لایەنە دە پێوەندی دەگەڵ سیاسەتی ڕێکخراوی یەکێتی ئورووپادا لاسەنگ بکا و هەڵکبێشێ، بە داهاتووی دەسپێرین، بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە و هەق نییە چاوی لێ بپۆشرێ ئەوەیە کە ئەو نووسەرە تا ئێستا لە زۆربەی هەڵویست و نووسینەکانیدا ڕەخنەی زۆر توند وتیژی ئاراستەی دەوڵەت و ڕێژیمی کەماڵیستیی تورکیا کردووە. ئەو، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی پرتیراژی ئورووپاییدا، هەم کوشتاری بەکۆمەڵی هەرمەنییەکانی تورکیای لە شەڕی یەکەمی جیهانی و هەمیش کوژرانی 30 هەزار خەڵکی کوردی بە دەست هێزەکانی ئەرتەشی تورکیا مەحکووم و شەرمەزار کرد. هەر بۆیەش، لە ساڵی 2005، لەلایەن نەتەوەخواز و کەماڵیستەکان بە تاوانبار ناسرا و داوای سزادان و زیندانی بۆ کرا، کە لە مانگی ژانقییەی ساڵی 2006 دا، لە ژێر تەئسیری ڕێکخراوی یەکێتی ئورووپا و ڕێکخراوی قەڵەم(پێن)ی جیهانی، دەوسییەی

بەدواداچوونی ڕاگیرا و پەروەندەکەی بەسترا.
وەک دەزانین، ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی 10ی دێسامبر لە شاری ستۆکهۆڵم(سوێد) بە بەشداری مێوانانێکی زۆر بەڕێوەدەچێ و خەڵاتەکە (کە بایی 10 میلیۆن کرۆن|1.400000 دۆلارە) لەلایەن پادشای سوێدەوە پێشکێش دەکرێ. ئۆرهان پاموک کە ئێستا لە ئەمریکایە و خەریکی نووسینی ڕۆمانە تازەکەیەتی، بڕیارە لە ڕۆژی بەخشینی خەڵاتەکەدا بگەڕێتەوە و وێڕای کچە تاقانەکەی لەم ڕێوەڕەسمەدا بەشدار بێ.

2006-10-12 ،

• • •

**سەرنج:** بۆ نووسینی ئەو باسە، لەم سەرچاوانەی خوارەوە کەڵک وەرگیراوە:
ـ سایتی ڕۆژنامەکانی SvB و D.nyheter.
ـ سایتی فارسیی بی بی سی.
ـ گۆڤاری گزینگ ژمارە 22، زستانی 1999 (ل36).